Iraq-Kurdistan National Assembly

**ئەنجوومەنی**
**نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**لێژنەی پەیوەندیەکان**

NO:
DATE:

ژمارە: 31
بەروار: 2007/4/30



## بەڕێزان: بەشدارانی کۆنفرانسی بە جینوساید ناساندنی ئەنفال- سوید

ویڕای سلاو و ڕێز...

دەستخۆشیتان لێ دەکەین‌و ئەرکە پیرۆزەکەتان لەپێناوی مرۆڤایەتیدا جێگای ستایشە. ئێمە بێ گومانین لەوەی تاوانە گەورەکانی ئەنفال‌و کیمیابارانکردن تاوانی جینوسایدن‌و هەر مرۆڤێکی شارەزاش بە کەمێك زانیاری لەسەر ئەو تاوانانە ئەو ڕاستیەی بە بەڵگەوە بۆ دەسەلمێ‌و دڵنیا دەبێ کە ڕژێمی ڕوخاوی بەغدا بۆچی بە ڕاگواستن‌و دەربەدەرکردن‌و کوشتن‌و زیندەبەچاڵ کردن‌و کیمیاباران‌و ئەنفال‌و دژایەتی گەلەکەمانی دەکرد؟

بەڕێزان: ڕۆژگارێك ئەو تاوانانە دژی گەلی کوردستان‌و سەرجەم مرۆڤایەتی دەکران، بە داخەوە جیهان لە ئاستماندا کەڕو لال بوو، بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ قەبارەو وردە کاریەکانی ئەو مەرگەساتە بە تەواوی روون نەبۆنەتەوە. بەلام، ئەمڕۆ بۆ ئێمە جێگای خۆشحالیە کە دەبینین لە سەرتاسەری جیهان بایەخ بەم لایەنە مێژوویەی مرۆڤایەتی دەدرێ، ئەوەتا ئێوەی دڵسۆزو دۆستیش لەناو پەرلەمانی سوید لەگەڵ یادکردنەوەی ئەو مێژووە تاڵ‌و تاریکە هەوڵی بە جینوساید ناساندنی ئەنفال دەدەن‌و لەم ڕێگایەشەوە ڕاستیەکی مێژوویی‌و کارەساتێکی گەورەی مرۆڤایەتی دەردەخەن‌و ڕێگریش لە دووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە کارەساتانە دژی هەر گەلێکی تر دەکەن.

پەیامەکەتان لە پێناوی دادپەروەریدایەو پەیامێکی پیرۆزە. ئومێدی پێشکەوتن‌و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیشەوە دەستخۆشیتان لێ دەکەین.

سوپاس بۆ پەرلەمانی سویدو پەرلەمانتارو هەموو ئەو لایەنانەی هاوکارو بەشداری کونفرانسەکەتانن.

هەر شادو سەرفرازبن

دڵسۆزتان

ئاریز عەبدوڵلا

سەرۆکی لێژنە پەیوەندیەکان

ویَنەی بۆ:

- نوسینگەی سەرۆك.
- ئەرشیف.